# بابل
# bablion

سید کەمال ئیبراهیمی

**م**ێژووی دەوڵەتی بابل لە بەر ئەوەی کە شوێنەواری ئەو تۆی لێ نەدۆزراوەتەوە، تێکەڵ بە چیرۆك و ئەفسانە بووە. بەڵام دەتوانین بەو بەڵگەو سەرچاوانە وا زۆربەیان لە گەڵ یەکدی تەبان و هاوسەنگیان هەیە بە کورتی ئاماژە بە بەشێك لە مێژووی ئەم دەوڵەتە بکەین. پێش لە دروست بوونی ئەم دەوڵەتە خەڵکی دیکەش لە نێوان دوو رووبار "میزۆ پۆتامیا" دابوون کە سۆمەریان پێ وتراوە بەڵام وەك خەڵکی بابلی دانیشتویی ئەم شوێنە نەبوون و کۆچەر بوون.

١ـ "بەدەست پێ کردنی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین، تەمەنی شارستانییەت لە شیوەکانی میزۆ پۆتامیا دیجلە و فوراتدا گەیشتە سێ هەزار ساڵ. لەو سەردەمە دا کۆمەڵێك مرۆڤی نوێ واتە سۆمەرەکان هاتنە میزۆ پۆتامیا، سۆمەرەکان یەکەم سەرچاوەی شارستانییەتی مەزن بوون" ئەمە راستە کە سۆمەرەکان یەکەم سەرچاوەی شارستانییەت بوون، بەڵام بە تێکەڵاوی لە گەڵ خەڵکی ناوچەکە وایان لێ هات. ٢ـ "کوردستان ٣٥٠٠ ساڵ پێشتر لە ئەورووپا چاخی بەردینی وەپشت سەر ناو لە ناوچەی چەرمۆ نزیك چەمچەماڵ گەورەترین کێڵگەی جیهان بە رابردوویەکی ٨٠٠٠ ساڵە دۆزراوەتەوە" ئەم شێوە ژیانە پێویستی بە کەرەسەی کشتوکاڵ و دەستەمۆ کردنی ئاژەڵ بووە کە دەبینین دانیشتوانی ئەو سەردەمەی (٣) "میزۆ پۆتامیا (٨٠٠٠ ـ پـ . ن) فێری چاندنی گەنم و جۆ بوون" لەم ناوچە بێجگە لە سۆمەڕ، بابلی، گۆتی، ئەکەدی، لولوبی، کاسی بوون بەڵام (٤) "دەوڵەت شارەکان پێنج تا شەش سەدە پێشتر لە مێژووی سۆمەر (٣١٠٠ ـ ٢٥٠٠ پـ . ن) لە گەڵ یەك بێ شەڕ و پێکدادان ژیاون" بۆیە باسی ئەوان ناکەن کە رووداوێکی گرینگ پێش نەهاتووە.

٥ـ "مێژووی کۆنی کوردستان و وڵاتی دوو ڕوبار تا رادەیەکی گەورە تێکەڵ بە یەکن، جگە لە پەیوەندییەکانی جەنگ و ئاشتی و بازرگانی" هەر لەو سەردەمە دا وا باس لە سۆمەر دەکرێ کە باسی زەردەشت دەکرێ، زۆر سەرچاوەکان نوسیویانە کە زەردەشت لە (٤٠٠٠ ـ پـ . ن) لە دایك بووە. سەرچاوەیش هەن کە باسی ئەوە دەکەن کە زەردەشت لە (٦٠٠ ـ پـ. ن) لە خاکی

مادو لەورمێ بووە (٦) " لە مەڕ چاخ و سەردەمی زەردەشت ژمارەی (٦٠٠٠ ـ ٦٠٠ پـ . ن) وتراوە کە جیاوازیان زۆرە" (٧) "هەتاکو ئێستا چاکسازێی مێژووی وەك زەردەشت سەری هەڵنەداوە کە ژیانی مێژووی لە دایك بوونی پڕ لە ڕەمز و نهێنی بێ" بەڵام بەوە وا یەکتاپەرەستی و تاك خودایی و ڕێزگرتن لە ئاگرو زۆر شتی تر کە لە بۆچوونی زەردەشتی دا بووە باو لە سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم (٢٠٠٠ ـ پـ . ن) لە بابلدا باو بووە و دەتوانین ئەمە بسەلمێنین کە خەڵکی بابل پێش لە ئیبراهیم زەردەشتی بوون. (٨) "شاری سۆمەری (ئوور) بە دروستی (٤٠٠٠ ـ پـ . ن) لە شوێنی یەکگرتنەوەی رووبارەکانی دیجلەو فوراتدا لە گەڵ کەنداوی فارس دامەزراوە" راستە ئەم شارە بە دەست سۆمەرەکان دامەزرا بەڵام لە دوایی دا زۆرینەی خەڵکی ئەو ناوچە لە عەشیرەتەکانی تر بوون (٩) "لە (٣٠٠٠ ـ پـ . ن) دا بە تایبەتی سەردەمی ئەکەدی دانیشتوانی ناوچەی حەمرین لولوی و گۆتی بوون" و هەر ئەم عەشیرەتانە واتە ئەکەدی و گۆتی و لولوی لە گەڵ یەك ڕێك کەوتن (١٠) " لە (٢٩٠٠ ـ پـ . ن) دا ئەکەدەکان بە گژ سۆمەرەکاندا چوون" لەم هێرش و پەلامارانەدا دەوڵەت شارە دراوسێیەکان بۆ سۆمەر ئەو دەسکەوتەی واهەی بوو لە بواری شارستانییەت کەوتە دەست دراوسێیەکان (١١) "نوسین کە خەڵکی میزۆپۆتامیا لە (٣٠٠٠ـ پـ . ن) دا دایان هێنا" بەڵام نوسین و ڕێنووسی ئەو سەردەمە فریای سۆمەریەکان نەکەوت. لە بەر ئەوەی سۆمەریەکان خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە نەبوون کەوتنە بەر هێرشی کەلتووری، سەربازی، و زمانی خەڵکی ناوچەکەو ئەم هێرشانە کاریگەری زۆری بوو لە سەر لە ناوچوونیان(١٢) "مێژوو شایەتی داوە کە نەتەوەیەك پێشکەوتوو بووە وا زمانی پێشکەوتووتر بووە. پێش هاتووە دوو نەتەوە لە گەڵ یەك بە شەڕ هاتوون، بەڵام ئەوەی سەرکەوتووە وا زمانی پێشکەوتووتر بووە" لە دوای لە ناوچوونی سۆمەر بابل دەکەوێتە بەرباس. بابل لەو سەردەمە تێکەڵ بە خەڵکی وەك گۆتی و لولوبی ئەکەدی و کاسی بووە و مێژوو نووسان سەردەمی بابل بە چوار قۆناغ دابەش دەکەن.

( ١٣) "(٢٠٠٤ـ ١٨٩٤ـ پـ . ن) سەردەمی بابلی کۆن و (١٨٩٤ـ ١٥٩٥ـ پـ . ن) سەردەمی بابلی یەکەم (١٥٩٥ـ ١٥٥٥ـ پـ . ن) سەردەمی بابلی نێوەند و (١٠٠٠ـ ٦٢٥ـ پـ . ن) سەردەمی بابلی نوێ" بەڵام ئەمە هەمووی مێژووی بابل نییە.

لەو سەردەمەوە وا مێژوو نووسراوە دەوڵەتێکی تر ناکەوێتە بەر چاو کە وەك بابل "٣٠٠٠" ساڵ مابێتەوە و زۆر کارەساتی بە سەردا هاتبێ بەڵام هەر لە ناو نەچووبێ. لە بابل دا دەسەڵات گۆڕاوە بەڵام بابل نەگۆڕاوە. و ئەمە زۆر گرینگە لەو سەردەمە دا سیاسەتی دانیشتوانی بابل لە سەر چ بنەمایەك بووە وا توانیویانە بابل لە کاول بوون و لە ناوچوون وەك سۆمەر بپارێزن.




(١٤) "ئەمڕۆ زانست دەری خستووە کە کورد لە تومەری عەشیرەتەکانی زاکرۆس (گۆتی و لولوبی و هتد...) عەشیرەتی گۆتی و لولوبی لە (٢٠٠٠ـ پـ . ز) پەیوەندیان لە گەڵ ئەکەدیەکاندا دامەزراندووە" بوونی گۆتی لە زاگرۆس و بوونی گۆتی لە بابل هۆی پەیوەندی ئایینی و عەشیرەتی بووەو دەکرێ گۆتیەکان ئایینی زەردەشتیان لە گەڵ خۆ هێنابێتە بابل. (١٥) " چونکە تێکەڵاوی نەتەوەی گۆتی لە گەڵ سۆمەڕ و ئەکاد و دروستبوونی حکومەت لە نێوان ئەواندا دەرئەخا کە گۆتی‌یەکان دوو تاقم بوون، تاقمێك لە سۆمەرو تاقمێك لە زاگرۆس" بەم تێکەڵاوی گۆتی و کاسی و لولوبی و ئەکەدیە لەگەڵ سۆمەر زۆری پێ نەچوو دەسەلات کەوتە دەست گۆتیەکان (١٦) "لە ساڵی (٢٢٣٠ـ ٢١٢٠ـ پـ . ز) هەم سۆمەر و هەم ئاکاد کەوتنە ژێر دەسەلاتی گۆتیەکان" ئەم دەسەلاتداری گۆتی‌یانە زۆری خایاند لە خاکی بابلدا و لە بەر ئەوە پێش لە ناوچوونی سارگۆن ئەوان لە بابل نیشتە جێ بوون و بەم دەسەلات گەیشتنی گۆتییانە دەولەتی بابل لە نێو نەچوو بەڵکو شێوە دەسەلاتداری‌یەکەی گۆڕا. (١٧) "شاری بابل بۆ ماوەی

١٠٠ ساڵ لە (٢٠٠٠- پ . ز) پایتەختی گۆتیەکان بوو" هاتنی گۆتی و هێنانی بیرو بۆچوونی خۆیان بوونی دەسەلات پەرەی بە ئایینی ئەوان دا و زۆربەی مێژوو نووسان سەردەمی دەسەلاتی گۆتی لە بابل دا لە سەر دەسەلاتی بابل حیساب دەکەن و خەڵکی بابل بەشێك لە نەتەوەی کورد دەزانن.

(١٨) "سەردەمی بابلی کۆن (٢٠٠٤- ١٨٩٤ ـ پ . ز) بەشی یەکەمی بە سەردەمی ئین لارسا ـ ناسراوە. تا بەشی دووەم چەن دەوڵەت ـ شار پێك دێن و حامورابی (١٧٩٥- ١٧٥٠- پ . ز) دەوڵەتی یەکگرتوو دادەمەزرێنێ." ئەو قۆناغە وا پێ دەڵێن بابلی کۆن (١٩) "پازدە پادشایان بووە ( ٢١٣٣- ٢٠٠٨- پ . ز) کە گەورەترین یان حامورابی بووە".

لە سەردەمی بابلی کۆن و دەسەڵاتداری گۆتییەکان دا شاری ئوور لە ژێر رکێفی دەوڵەتی بابل وگۆتیەکاندا بووە کە لە سەر مێژووی بابلی کۆن نووسراوە (٢٠) " گۆتییەکان پادشایانی زنجیرەی سێیەمی شاری ئووری سۆمەری نزیك ناسریە لە (٢٠٩٤- ٢٠٧٤- پ . ز) بوون" یەکێك لە گەورەترین پاشاکانی بابل حامورابی بوو کە خزمەتی زۆری بە خەڵکی ئەو سەردەمە کردووە یاساکانی حامورابی بە ناوبانگە وەك (٢١) "درۆ هەڵبەستن، سوێندی درۆ، بەرتیل دان بە دادیار، کرین شایەتەکان، بێدادی دادیاران، قەدەغەیەو تاوان دژی خاوەنداریەتی پەیوەندی ئاغا و بن دەست، مافە بازرگانیەکان، مافەکانی بنەماڵە، خاوەنیەتی ئافرەتان بە دەستی خۆیان، دەست درێژی لە سەر تاکەکان، لەم نووسراوە گرنگترین خاڵی ئەوەیە تۆڵە سەندنەوە قەدەغەیە" ئەمە پێشکەوتوویی خەڵکی ئەو سەردەمە دەگەیێنێ بەڵام هەمووی لەسایەی حامورابی دا نەبووە. لە پێشتر لەو چاکسازێکی دیکە هاتۆتە دنیاوە (٢٢) "حەزرەتی ئیبراهیم لە شاری ئوور لە (٢٠٠٠- پ . ز) دا لە دایك بووە" لەو سەردەمەدا بت پەرستی باو بووە تا رادەیەك کە (٢٣) "ئین لیل( lil ـ En ) ناوی یەکێ لە سێ خوای گەورەی بابلە کە رێورەسمی پەرستنی ئەو لە سۆمەریەکان فێر بوون و بە( Bel )ناویشیان دەهێنا" ناوی بابل لێرەوە هاتووە حەزرەتی ئیبراهیم تێکۆشانی خۆی دژی بت پەرەستی بەر پا کرد و خەڵکی هان دا بەرەو تاك پەرستی و یەك خوا ناسین. مامی ئیبراهیم ئازەری ناو بووەو ئاگر لە کن بابلیەکان پیرۆز بووە لە بەر ئەوە ئیبراهیم خرایە ئاگرەوە کە ناپاکی ئیبراهیم بە ئاگری پاك بێتەوە. لە دوای نەسووتانی ئیبراهیم ئیتر وازیان لێ هێنا

( ٢٤) "حەزرەتی ئیبراهیم لە ساڵی (١٩٨٠- پ . ز) شاری ئووری بە جێ هێشت" و ئەو مانە بەڵگەیە لە سەر ئەوە زەردەشت پێش لە ئیبراهیم بووە و کاتێك هاتووە ئایینی زەردەشت تێکەڵ بە خورافات بووە و لە سەر بۆچوونی زەردەشت خەڵکی رێنوێنی کردووە (٢٥) "گەورەترین خزمەتی زەردەشت لە یەك

خوا ناسین و ریشەکێش کردنی بت پەرستی بووە" لە دوای ئیبراهیم ئایینی ئەویش تێکەڵ بە خورافات بوو (٢٦) "لە شوێنەوارە دوزراوەکانی شاری ئوور دەرکەوتووە کە دانیشتووە کۆنەکانی ئەو وڵاتە ویستوویانە شتومەکی بە نرخەکانیان لە گەڵ خۆشەویستەکانیان ببەنە گۆڕێ تاکوو لە جیهانی دیکەدا سوودیان لێ وەربگرن."

لە هەردوو ئایینی زەردەشت و ئیبراهیم دا یەك خاڵی گرینگ وەبەرچاو دەکەوێ ئەویش ئەوەیە (٢٧) "ئاگر رەمزو هێمایەکە لەجیهانی مەلەکوتی (ئاهورایی) دەبێ ئاگر بە پاك بزانین و رێزی بگرین" ئەم خاڵە هاوبەشانە بوون کە لە کاتی (٢٨) "هێرش هێنانی مورسلی یەکەم پاشای میسری بۆ سەر میزۆپۆتامیا خەڵکی هوری (میتانی) هاتنە یاری، خەڵکی بابل (١٥٩٥ـ پـ . ز) دا" ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە پەیوەندی عەشیرەتی و ئاینی و بازرگانی لە نێوان خەڵکی دانیشتووی شاری ئوور لە سەر کەنداوی فارس و خەڵکی میتانی لە شاخەکانی زاگرۆس دا بووە بەڵام ئەمە ئاخرین هێرش بۆ سەر بابل نەبوو. (٢٩) "لە ساڵی (١٥٩٥ـ پـ . ز) کاسییەکان دەستیان بە سەر بابل دا گرت و تا ساڵی (١١٥٧ـ پـ . ز) فەرمانڕەوایی بابل و هەم میزۆپۆتامیایان کرد" ئەمە ئیتر کۆتایی قۆناغی کۆنی بابل بوو. (٣٠) "ساڵانی (١٨٠٠ـ ١٥٩٥ پـ . ز) قۆناغی بابلی کۆنە" لە دوای ئەمان خاڵێکی گرینگ وەبەر چاو ناکەوێ تا ئەوەی (٣١) "ئیلامیەکان لە ساڵی (١١٥٧ـ پـ . ز) دا بابلیان تاڵان کرد" و گەڕانەوە بۆ ئیلام و سەر خاکی خۆیان. مێژووی بابل لێکۆڵینەوەی زۆری دەوێ بە تایبەت خەڵکانی تر ویستویانە ئەو مێژووە دوپات کەنەوەو ئەو سەرکەوتنانەی دەوڵەتی بابل کە لە کۆنەوە رووی داوە بیکەن بە مایەی شانازی بۆ خۆیان (٣٢) "سارگۆن Sargon ناوی فەرمانڕەوایەکی ئاشوورییە کە لە پاش مەرگی شەلمەنسەری چوارەم (٧٢٢ـ پـ . ز) تاجی شاهی لە سەر ناوە (پاشاکانی بابل لە (٢٠٠٠ـ پـ . ز) ناویان سارگۆن بووە) خۆی بەو ناوە ناودێر کردووە" لە دوای ئەو (٣٣) "سارگۆنی دووەم پاشای ئاشوری لە ساڵی (٧٢١ـ ٧١١ـ پـ . ز) بابلی داگیر کرد" بەڵام لەم سەردەمە دا بە دەسەڵات گەیشتنی دەوڵەتی ماد رێگای بەوە دا بابل گیانێکی تازەی وەبەربدابێت و خۆی لە ژێر رکێفی ئاشووری دەربێنێ و پەیمانی یەکگرتنەوە لە گەڵ ماددا دژ بە ئاشوور ببەستێ. (٣٤) "لە ساڵی (٦١٢ـ پـ . ز) لەشکری بابل کە ئەچوون بەدەم کۆمەکی ماددەوەفریای شەڕەکە نەکەوتن ئاشوور وێران ببوو هاوپەیمانی بابل و ماد لە روانگەی پاشای بابل نابو پالاسار نێوەرۆکی نەبوو، لە بەر ئەوەی دەوڵەتی ئاشوور تەنیا بە دەست دەوڵەتی ماد لە ناو چووە و دەوڵەتی بابل ماوەتەوە ئەگەر شەڕ بە لای ئاشووردا بە سەرکەوتووی ئاشوور شکایەوە هاوکاری ئاشوور بکا بۆ لە نێو بردنی ماد" بەڵام رەنجەکەی ماد بردی و دەسکەوتی نابوودی

ئاشوور بۆ بابل بوو. "ئەوە بابلییەکان بوون کە لە ڕووی ڕووبەری خاکەوە لە شکانی ئاشووریەکان قازانجیان کرد"(٣٥) لە دوای ئەم سەرکەوتنەی ماد، بابل ترسی مادی لێ پەیدا بوو، کە وەك ئاشووری بە سەر نەریت. لە بەر ئەوە بیری لە هاوپەیمانێکی دیکە دەکردەوە (٣٦) "لە ساڵی (٥٥٩ـ پـ . ز) کورش بوو بە پاشای پارس لە گەڵ نەبونید شای بابل پەیمانی یەکگرتنی بەست نەبونید دەیەویست بەم جۆرە پشت و پەنایەك دژی ماد پەیدا بکا" ئەم هاوپەیمانییەی نەبونید لە گەڵ کورش دا دووبارە بە قازانجی بابل تەواو بوو. (٣٧) "ڕاستیان وتووە کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە لە ساڵی (٥٥٠ ـ پـ . ز) نەبونید پاشای بابل لە گەڵ کورش پاشای پارس توانیان هاوپەیمانیەك ببەستن لە دژی ئیمپراتۆریەتی ماد کە ئەوکاتە پاشاکەیان ناوی ئاستیاگ بوو، لە دوای شەڕێکی مەزن و دژوار توانیان ئیمپراتۆریەتی ماد هەڵوەشێننەوە" کورش بڕوای بە نەبونید کرد و ئەوی بە هاوپەیمان زانی بەڵام نەبونید هەر ئەو سیاسەتەی لە گەڵ کرد کە لە گەڵ مادی کرد. (٣٨) "لە ساڵی (٥٤٧ ـ پـ . ز) کورش دژی لیدی شەڕی بەرپا کرد. لە گەڵ ئەوەی کە میسر و بابل یارمەتی کروزوس پاشای لیدیان دا، کورش سەرکەوتنی بە دەست هێنا" لە دوای ئەم پەیمانشکێنییەی دەوڵەتی بابل دا، کورش هەوڵی داگیرکردنی بابلی دا بەڵام بێ شەڕ و خوێن. "کورش لە بەیاننامەکەی دا دەڵێ: بە ئاشتیانە دەستم بە سەر بابل دا گرت" (٣٩) ئەوانەی کە وا باسی کوشتنی نەبونید بە دەست کورش و کاول کردنی بابل و ڕزگاری قەومی یەهوودو ناجی میللەتی یەهوود دەکەن، دەچێتە قۆناغی چیرۆك و ئەفسانەوە لە بەر ئەوە زۆربەی سەرچاوەکانی باسی وا ناکەن لە دوای دەسەڵاتی بنەماڵەی هەخامەنشی. "ئەسکەندەر لە ساڵی (٣٣٠ـ پـ . ز) بابلی داگیر کرد"(٤٠) ئەسکەندەر هەوڵی دا وەك کورش لە گەڵ خەڵکی دانیشتووی ناوچەکە دا باش بێ. "ئەسکەندەر میرانی شوش، بابل و مادی لە شوێنی خۆیان هێشتەوە"(٤١) لە دوای ئەسکەندەر جێگرەکانی واتە سلوکیان و دەوڵەتی ئەشکانی لە سەر بابل بە شەڕ هاتن. (٤٢) "لە ساڵی (١٤٢ـ ز) بابل کە لە سەردەمی ئانتی خوس ئەلیڤان ڕووخسارێکی یۆنانی بە خۆیەوە گرتبوو کەوتە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی تیرداری ئەشکانیەوە" بەڵام سلوکیەکان وازیان نەهێنا و لە گەڵ پاشاکانی ئەشکانی بە شەڕ هاتن. (٤٣) "بلاشی چوارەم (١٩١ـ ٢٠٨ ـ ز) لە ساڵی (١٩٥ـ ز) دا لە گەڵ سپتمسور لە بابلدا بە شەڕ هات و سپتمسوور بابل و تیفون و سلوکیەی لێ داگیر کرد" لە دوای دەوڵەتی ئەشکانی ئیتر باسی بابل و دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە وا لە (٢٠٠٠ـ پـ . ز) دا دەکرا نامێنێ. بەڵام خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە دەوڵەتی بابل بە چ شێوەیەك توانی (٣٠٠٠) ساڵ لە سەر نەخشەی سیاسی ئەم ناوچەیە بمێنێتەوە. بابل لە گەڵ ئەم

دەوڵەتانە ژیاوە و ئەوان لە ناوچوون ئەو هەر ماوە. وەك باسمان کرد بابل و سۆمەر، بابل و ئاکاد، بابل و گۆتی، بابل و ئیسلام، بابل و ئاشوور، بابل و کاسی، بابل و ماد، بابل و کورش، بابل و ئەسکەندەر، بابل و سلوکی، بابل و ئەشکانی.

دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین تێکەڵاوی ئەمانە لە گەڵ یەك نەتەوەی کوردی پێك هێنا. وەك گۆتی، لولوبی، کاسی، میتانی، بابلی و... ٤٤- "ئەوەی دوێنێ رووی داوە ئەمڕۆ مێژووە، ئەوەی ئەمڕۆ روو دەدات مێژووە بۆ سبەینێ".


**سەرچاوەکان:**

١- مێژووی شارستانیەت - ئیزاك ئاسیموف و فرانك وایت - وەرگێر، حامید گەوهەری - بڵاوکردنەوەی ئاراس - ژمارەی، ٢١٧ - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر ٢٠٠٣ - ل ٢٨ .

٢- خوشحالی. بهزاد، ١٣٥١ - زبان شناسی کورد و تاریخ کوردستان - تالیف بهزاد خوشحالی. همدان فن اوران، ١٣٧٩ - ص ٢٧٤ - شابك ٦-٢٨-٦٧٩٢-٩٦٤- ص ٣٠

٣- مێژووی شارستانیەت - ئیزاك ئاسیموف و فرانك وایت - " سەرچاوەی پێشوو" - ل ٢١.

٤- توین بی، ارنولد - تاریخ تمدن/ تحلیلی از تاریخ جهان از اغاز تا عصر حاچر/ ارنولد توین بی - ترجمه یعقوب زند - انتشارات مولی - تهران - چاپ اول - ١٣٦٢- ص ٧٧.

٥- قەرەداغی، فازل - مێژووی دێرینی کوردستان/ فازل قەرەداغی/ کتێبی یەکەم - ١٤٢٥ ك - ٢٠٠٤ ز - ل ١٩.

٦- رچی، هاشم، ١٣٠٣ - زرتشت پیامبر ایران باستان - نوشته و پژوهش هاشم رچی - تهران بهجت، ١٣٨٠ - ص ٢٨٠ - ٢-٣٢-٦٦٧٧-ISBN:٩٦٤ - ص ٥٤.

٧- دومزیل، ژ - تمدن ایرانی - جمعی از خاور شناسان فرانسوی - "ژ. دومزیل" - مترجم عیسی بهنام تهران، ١٣٨١- ص ٣٨١ - چاپ سوم -٦-٣٢٨-٤٤٥-ISBN:٩٦٤ - ص ٥٤.

٨- مێژووی شارستانیەت - ئیزاك ئاسیموف و فرانك وایت - "هەمان سەرچاوەی پێشوو" ل ٣٠.

٩- عبدالله عبدالحمید، رافدە - بە سەرهاتە مێژووییەکانی گەرمە سێر - هەزار مێرد - ژمارەی ٢٤ساڵی حەوتەم - حوزەیرانی ٢٠٠٤ - پوشپەری ٢٧٠٤ - ل ٤٧.

١٠- قەفتان، سالح - مێژووی گەلی کورد - /لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ/ نووسینی ساڵح قەفتان - چاپی دووەم سلێمانی ٢٠٠٤ - ل ٣٩.

١١- ساڵح ئەحمەد، هیوا - داهێنان و پێشکەوتنی نوسینی مێخی - هەزار مێرد - ژمارەی ٢٤ - ساڵی حەوتەم حوزەیرانی ٢٠٠٤ - پوشپەری ٢٧٠٤ - ل ٤٧.

١٢- پیرنیا، حسین - تاریخ ایران باستان - حسین پیرنیا "مشیرالدوله سابق" جلد اول - انتشارات افراسیاب - چاپی نهم ، ١٣٧٨ - شابك: ١-٦-٦٩٦٢-٩٦٤ - ل ٣٤.

١٣ـ ساڵح ئەحمەد، هیوا ـ داهێنان و پێشکەوتنی نووسینی مێخی " سەرچاوەی پێشوو" ـ ل ٣٥.
١٤ـ قاسملوو، د.عبدالرحمن ـ کوردستان و کورد ـ د.عبدالرحمن قاسملوو ـ لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری ـ وەرگێڕ عبدالله حسن زاده ١٣٥٢ هەتاوی ١٩٧٣ زایینی. ل ٣٩.
١٥ـ قەفتان ساڵح ـ مێژووی گەلی کورد ـ (لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ) نووسینی ساڵح قەفتان " سەرچاوەی پێشوو" ل ٤٤.
١٦ـ توین بی ارنولد ـ تاریخ تمدن /تحلیلی از تاریخ جهان از اغاز تا عصر حاچر/ " منبع قبلی" ـ ص ٧٧.
١٧ـ هەرشەمی، شاسوار ـ مێژووی ئارامییەکان لە کوردستان دا /نووسینی شاهسوار .خ. هەرشەمی ـ سلێمانی، ١٩٩٩ ـ چاپی دووەم ـ چاپخانەی سەردەم ـ ئۆفیستی بابان ـ ل ٣٤ ـ ل ١٣.
١٨ـ قەرەداغی، فازل ـ مێژووی دێرینی کوردستان ـ " سەرچاوەی پێشوو" ـ ل ٢٠.
١٩ـ پیرنیا، حسین ـ تاریخ ایران باستان ـ حسین پیرنیا " مشیرالدوله سابق" ـ " منبع قبلی" ص ١٢٨.
٢٠ـ قەرەداغی، فازل ـ مێژووی دێرینی کوردستان ـ " سەرچاوەی پێشوو" ـ ل ٢٨.
٢١ـ پیرنیا، حسین ـ تاریخ ایران باستان ـ حسین پیرنیا " شیرالدوله سابق" ـ " منبع قبلی" ص ١٢٩.
٢٢ـ شیەیرا، پرفسور ادوارد ـ الواح بابل ـ ترجمه علی اصغر حکمت ـ تهران چاپ اول ١٣٨٦ـ ٢٩٧ ص ـ ص ١٨٢.
٢٣ـ مێژووی شارستانییەت ـ ئیزاك ئاسیموف و فرانك وایت ـ " سەرچاوەی پێشوو" ـ ل ٤٢.
٢٤ـ پیگو لوسکایا ـ رویدادهای مهم تاریخ ـ /هفت هزار سال تاریخ بشر/ ترجمه حسام الدین امامی چاپ ١٣٦٢ـ ص ٧١٣ ـ ص ٢٥.
٢٥ـ شەریعەتی، د. عەلی ـ ئایینی زەردەشت ـ وەرگێر، شەهرام ڕەشید قادر ـ چاپ و بلاوکراوەکانی نوسینگەی ئەمیر ـ هەولێر ـ چاپی یەکەم ـ ١٤٢٦ ك ـ ٢٠٠٥ ز ـ ژمارەی سپاردن ٥٦٤ ـ ل ٨٠ـ ل ٢٧.
٢٦ـ شیەیرا، پرفسور ادوارد ـ الواح بابل ـ " منبع قبلی" ـ ص ١٩.
٢٧ـ شەریعەتی، د. عەلی ـ ئایینی زەردەشت ـ " سەرچاوەی پێشوو"ـ ل ٦٢.
٢٨ـ خوشحالی، بهزاد، ١٣٥١ ـ زبان شناسی کورد و تاریخ کوردستان ـ " منبع قبلی" ص ٥٦.
٢٩ـ هەرشەمی، شاسوار ـ مێژووی ئارامییەکان لە کوردستان دا ـ " سەرچاوەی پێشوو" ـ ص ١٤.
٣٠ـ محمەد ئەحمەد، کۆزادـ پێشەکیەك بۆ زمانی خوری ـ هەزار مێرد ـ ژمارەی ٢٤ ـ ساڵی حەوتەم حوزەیرانی ٢٠٠٤ ـ پووشپەری ٢٧٠٤ ـ ل ٧.
٣١ـ هەرشەی،شاسوار ـ مێژووی ئارامییەکان لە کوردستان دا ـ" سەرچاوەی پێشوو "ـ ل١٥.
٣٢ـ شیەیرا ،پرفسورادوارد ـ الواح بابل " منبع قبلی "ـ ص ١٤٢.
٣٣ـ هەرشەی، شاسوارـ مێژووی ئارامییەکان لە کوردستان دا ـ" سەرچاوەی پێشوو " ـ ل١٦.

٣٤ـ ئیبراهیمی، سەید کەماڵ، لاوان ـ ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ دەورەی دووهەم، ساڵی شەشەم، گەلاوێژی ١٣٨٤ـ ژمارە ٢١ـ ل٥٠.

٣٥ـ کورت، املی،١٩٤٤ ـ هخامنشیان ـ ترجمه مرتچی پاقب فر ـ تهران،ققنوس١٣٧٨ـ صحفه ـ٦ـ١٧٧ـ٣١١ـ٩٦٤:Isbn ـ ص٣٣.

٣٦ـ پیگولوسکایاـ تاریخ ایران ـ / از دوران باستان تا پایان سدەی هجدهم/ ترجمه کریم کشاورز انتشارات پیام ـ چاپ پنجم،١٣٦٢ تهران رووبرووی دانشگاه ص٧١٤ـ ص١٦.

٣٧ـ هەرشەی، شاسوارـ مێژووی ئارامییەکان لە کوردستان داـ " سەرچاوەی پێشوو " ل١٣.

٣٨ـ پیگولوسکایاـ تاریخ ایران ـ /از دوران باستان تا پایان سده هجدهم میلادی/" منبع قبلی " ص١٧.

٣٩ـ پیگولوسکایاـ تاریخ ایران ـ /از دوران بلستان تا پایان سده هجدهم میلادی/" منبع قبلی " ص١٩.

٤٠ـ عبدالله عبدالحمد، رافده ـ بەسەرهاتە مێژوویەکانی گەرمەسێرـ هەزار مێردـ " سەرچاوەی پێشوو "ـ ل٤٨.

٤١ـ شعبانی، د.رچا،١٣١٧ـ مروری کوتاه بر تاریخ ایران/ از اغازه عصر مادها تا پایان دوران قاجاریه/ تهران سخن ـ ١٣٨٠ـ ص٧٠٤ـ ١ـ ٩٩ـ ٦٩٦١ـ ٩٦٤ـ ISBN: ـ ص٨٢.

٤٢ـ شعبانی، د.رچا،١٣١٧ـ مروری کوتاه بر تاریخ ایران" منبع قبلی " ص١١١.

٤٣ـ نراقی، احسان ـ تاریخ ایران ـ نویسنده احسان نراقی ـ انتشارات بیتا ـ تهران ١٣٧٥ ـ ص٤٧.

٤٤– مێژووی شارستانییەت ـ ئیزاك ئاسیموف و فرانك وایت ـ" سەرچاوەی پێشوو "ـ ل٧.

■